ئەگەر یەکێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بکاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بکات، وئەگەر بەردی بەکارهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەکان) تاک بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بکاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بکات، وئەگەر بەردی بەکارهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەکان) تاک بێت، وئەگەر یەکێک لە ئێوە هەستا لە خەو؛ ئەوا با دەستی بشوات پێش ئەوەی بیخاتە نێو (دۆلکەی) ئاوی دەستنوێژگرتن، چونکە یەکێک لە ئێوە نازانێت شەو دەستی لە کوێ بووە». ولە گێڕانەوەی [مسلم]دا هاتووە: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە هەستا لە خەو، با دەستی نەخاتە نێو دۆلکەی ئاوەکە ؛ هەتاوەکو سێ جار دەیشوات، چونکە نازانێت شەو دەستی لە کوێ بووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە حوکمەکانی پاکوخاوێنی (الطهارة) ڕوونکردەوە، لەوانەش: یەکەم: هەرکەسێك دەستنوێژ بگرێت دەبێت ئاو هەڵبمژێتە نێو لوتیەوە بە هەناسە، پاشان هەر بە هەناسە دەری بکات. دووەم: ئەوەی دەیەوێت خۆی پاك بکاتەوە پاش سەرئاو کردن بەشتێکی تر جگە لە ئاو وەکو بەرد وشتی تر؛ دەبێت ژمارەی تاك بەکاربێنێت، کەمترینیان سێ دانەیە وزۆرترینیان هێندەی ئەوەیە کە پیسیەکە دەبڕێت وشوێنەواری نامێنێت. سێیەم: ئەوەی لە خەو هەستێت ؛ نابێت دەستی بخاتە نێو ئەو دۆلکە ئاوەی دەستنوێژی پێ دەگیرێت هەتاوەکو دەستی سێ جار دەشوات لە دەرەوەی دۆلکەکە، چونکە شەو نازانێت دەستی لە کوێی بووە، بۆیە دوور نیە لەوەی پیسی بەسەرەوە بێت، یان لەوەیە شەیتان یاری پێکردبێت وشتێکی بۆ سەر هێنا بێت کە زیانی بۆ مرۆڤ هەیە یان ئاوەکە پیس دەکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3033